# ئازادی. . . دکتۆر کەمال. . . و تەلەفوون. . . ! حەسەن سەید باقی

زۆرن ئەوانەی کە خەبات و تێکۆشانیان لە پێناوی ئازادی تاك و کۆی کۆمەڵگادایە، بێ پسانەوە ماندوو نەناسانە بۆ مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەوڵدەدەن، دژی هەموو گەندەڵی و نا یەکسانیەکن کە لە کۆمەڵگادا پیادە دەکرێت. مەخابن بەرامبەر ئەم هەوڵە دڵسۆزانەش دەنگی نەشازیش زۆرن کە بەدوای قۆستنەوەی هەلێکن، بۆ ئەوەی کە دژی نەیارەکانیان بوەستنەوە و وەك سەنگەرێك بەکاری بهێنن. هەروەك لە کێشەی دکتۆر کەمال دا بینیمان، هەردوو حاڵەتەکە بەدیکرا. ئەوانەی بەڕاست کە خەباتکەرن و هەڵگری بیری ئازادن، کاتێك کەسانێك لەهەر پارچەیەکی کوردستان یان لە هەر سووچێکی عێراق و ئەم دنیایەدا ڕووبەڕووی نا یاسایی و نا یەکسانی ببێتەوە، یان گیانی مرۆڤێك بکەوێتە مەترسیەوە ئەوانە هەڵوێستی مرۆ دۆستیان هەیە بەدەنگ دێن. کەچی ئەم حاڵەتە لای هەلپەرستان وەها نییە، بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەن!. هەر لەسەرەتای دروست بوونی کێشەی دکتۆر کەمالەوە کەمپین دروست بوو، وە لە سایتەکانی ئەنتەرنێت و ژوورەکانی پاڵتالکەوە، نووسراو، ووتوێژی لەسەرکراو بەشێوازی جیاجیا، هەڵبەت لەم نێوەندەشدا هەلپەرستان ڕۆڵی چالاکانەی خۆیان بینی بۆ جنێو بەخشینەوە بەسەرکردایەتی کورد بەگشتی و بنەماڵەی بارزانی بەتایبەتی. هەربۆیە لەلایەن ئەوکەسانەی کە دڵسۆزی ئازادین، لەهەوڵی ڕونکردنەوەو ئازاد کردنی دکتۆر کەمال دا بوون، تا بتوانن بەشێوازی مرۆڤانە و ئازادانە بەرگری بکەن لە ئازادی تاك لەکۆمەڵگای کوردستاندا. کار گەشتە ئەوەی بەرێگەی تەلەفۆنی زۆرکەس لە بەرپرسان بەشداری ئەم کێشەیە بکەن هەروەك دیمان، کە لە کۆتاییدا بەرێز جەمال قاسم لەهەوڵی ڕاستەقینەی ئەو کاردابوو، وە دواتر پاش ئەوەی کە ڕۆژانە دەنگوباسی هەڵبەستراو ساختەکار بڵاو دەکرایەوە، دواهەمینیان ئەوە بوو وەك شانۆیەکی دروستکراو ڕاستر فلیمێکی کۆمیدی کە دەڵێت دکتۆر کەمال ئازادە، ئەوە چوار ڕۆژە لەماڵی سەید کاکەیە، ئەمە بۆ خودی خۆی گەلی پرسیاری گرنگی ووروژاند، تا ئەو ئاستەی بۆتین سەرسامی خۆی دەرخست، لەکاتێکدا بۆتین زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم کێشەیەدا دەکردو دەیزانی چۆن کەسەکان هەڵسورێنێ، وە خوشکەکانی دکتۆریش ئەم هەواڵەیان بەدرۆ خستەوە. بۆیە بۆتین زۆر زیرەکانە دیسان لەرێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە لەهەوڵدا بوو تا پەیوەندیەکی تەلەفونی دروست بکات لە نێوەندی بەندیخانە کە دکتۆر کەمالی لێیە وە ژوورەکەی بۆتین لە پاڵتاك، وە توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، بۆ ئەمەش ئەم کارەی خستە دەنگدانەوە، ئا لێرەدا دەستەکان ئاشکرا بوون. کێن دەیانەوێت دکتۆر ئازاد بکرێت و کێش نایەوێت!. هەروەك ووتوێژێکی زۆری دروست کرد لەم شەوەدا، دەنگدان کرا زۆربەی ئەوانەی دەیان ویست ڕووی ڕاستی کێشەکە، ڕاسترە بڵێین ڕووداوەکە بزانن بۆ هەموو کەس دەرکەوێت، بە بەڵێ دەنگیان دا. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە خوشکی ئەو بەرێزە بوو (ئاوازخان) ، بێدەنگی هەڵبژار دەستی خۆی بڵند نەکرد، گەرچی کەس دەنگی نەدایە دەبوو ئەو وەك خوشك خۆشحاڵ بوایە گوێبیستی دەنگی براکەی بێت کە زیاتر لە سێ مانگە لێی دوورەو ئەو هەموو هەواڵە ناخۆشانەی بیستووە، بەو هیوای شتێك لە پشت پەردەوە نەبوو بێت لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو خوشکە، وە ڕێزم بۆ بەرێز گەلاوێژخانە کە ئەو بەڕاستی خۆشحاڵ

بوو. هەمان کات ژمارەیەکی کەم کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێران بە نا دەنگیاندا، دەترسان لەوەی کە دکتۆر کەمال لەو چاو پێکەوتنەدا شتی زیاتر بڵێت، وە ڕاستیەکان ئاشکرا بکات، کە هەروەهاش دەرچوو. وە کەمپینەکە ئالۆزی بەخۆوە بینی، تووشی کێشەی ناوخۆ بوون، لەبەر ئەوەی زۆر شت ئاشکرا دەبێت کە لای گوێبیستان شاراوەبوو تا ئەو دەمە. دکتۆر کەمال زۆر بەئازادانە قسەی کرد، جەسوور بوو، نەترسانەش زۆر شتی ووت، لەهەمووی گرنگتر دانی بەهەڵەکانی خۆشیدا نا و داوای لێبوردنی کرد، لەو هەڵانەی کە کردویەتی دەرهەق بەو کەسایەتیانەی کە ناویان هاتووە. بەڵام مکوڕ بوو لە دژایەتی کردنی گەندەڵی، وە لە بانگەوازەکەشیدا ئەوە دەرکەوت ئەو لەگەڵ ئەو شێوازە هەرزانەدا نییە کە کەسانێك ئەو بکەنە سەنگەرو دژایەتی نەیارانی خۆیانی پێ بکەن.

بۆیە دەبێت ئەوەی لایەنگری ئازادی مرۆڤە، بەشێوازای دروست لە خەباتکردندا بێت بۆ ئازادی، نەك تۆمەتبارکردن و جنێودان، ئەوە کەسانی بودەڵەن، هەروەك ئەوەی کەسانێك دژن بەوەی من ڕاستیەکان بڵێم، تۆمەتبارم دەکەن، لەخۆوە دێنە پەیڤین نازانن دادگای تەمییز چییە، دێن و جنێو دەبەخشننەوە لە جنێوپۆستدا. بۆیە وادەڵێم لەکاتێکدا کەسانێك هێرشیان کردبووە سەر من وەك ئسلوبی ڕۆژنامەگەری من وەڵامێکم بۆ ئەو سایتە ناردەوە، بە ناونیشانی (بۆ نووسەرە بێسەوادەکان) ، لەبەر ئەوەی وەڵام بوو بە هاوسەنگەرێکیان بڵاویان نەکردەوە، ئەمەش دەرخەری ڕووی ڕاستی ئەوانە کە چۆن دژی ئازادین، وە لەخزمەتی لایەن شارەوەدان، مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە. بۆیە دوای ئەو تەلەفوونەش هیوادارم دکتۆر کەمال بەر ببێت، وە لە خزمەت گەلی کوردا دەستبەکار بێت، تا ئەوانەی بەوشێوە هەرزانانە ڕەفتار دەکەن زیاتر ڕیسوا ببن.

ئەڵمانیا یەنیوەری 2006